سۆلین ئەسعەد

یاریزانی تۆپی فوتساڵی یانەی ئافرەتانی هەولێر:

# لە کوردستان گرنگی بە وەرزشی کچان نادرێت بۆیە بەنیازم وازبهێنم

شارو شارۆچکەکانی کوردستان خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، قەزای ئاکرێی سەر بە پارێزگای دهۆکیش خاوەنی چەندین کچ و کوڕە یاریزانی بەتوانایە و دوارۆژێکی باشیان لێ چاوەڕوان دەکرێ، یەکێک لە کچە یاریزانە بەتواناکانی ئەو قەزایەش سۆلین ئەسعەدە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری ئاکرێیە و دەرچووی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی ئاکرێیە و ئێستاش مامۆستایە لەو پەیمانگایە و پێشووتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی ئافرەتانی هەولێر و قەڵا و پیرەمەگروون و ئاکرێ یاری کردووە و ئێستاش لە یانەی ئافرەتانی هەولێر بەردەوامە. ئەو یاریزانە خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە و ئەمساڵیش نازناوەکەی لەگەڵ ئەو یانەیە بەدەستهێنا، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.





*** ئاستی یاری تۆپی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ساڵانی رابردوو باش نەبوو، بەڵام ئەمساڵ باش بووە و بەهیوای ئەوەم لە ساڵانی داهاتوو باشتریش بێت.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

- ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتیی ساڵانە کاریگەری زۆری دەبێت و ئاستی ئەم یارییە بەرەو خراپی دەچێت، وەکو خۆمان دەبینین چەند ساڵ جارێك پاڵەوانیەتی دەکرێتەوە، هیواخوازم بەردەوام ئەم خولانە بۆ کچانیش وەکو خولی کوڕان بکرێتەوە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی دەستی کچان بەرەو پێش بچێت؟**

- پێم باشە خولی زیاتر بکرێتەوە، نەك لەسەر ئاستی کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش زیاتر بایەخ بەم یارییە بدرێت.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی دەستی لە چی دەبینی؟**

- زۆر گرفت هەیە و گرنگترینیان نەبوونی یاریگای تایبەتە بە یانەکان تا بتوانن بەشێوەیەکی باش راهێنان ئەنجام بدەن، ئێمە یەکێك بووین لەو تیپانەی کە ئەمساڵ گرفتی یاریگامان هەبووە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

- وەکو گرێبەست نەخێر، بەڵام لە زۆر یانە داوا کراوم، وەکو یانەی قەڵای هەولێر و ئافرەتانی هەولێر و پیرەمەگروون و سمێل و گارە، بۆیە بە شێوەیەکی فەرمی بۆ هەریەك لەو یانانە یاریم کردووە.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك چ پلانێکت هەیە؟**

- بەنیازی وازهێنانی یەکجاریم لە وەرزشکردن، چونکە تاکە شتە لە کوردستان گرنگی پێ نادرێت و هیچ سوودێکیشم لێ نەبینیوە، تەنیا ماندووبوونە.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، لەگەڵ ئەوەدا نیم یانەکان پشت بە یاریزان و راهێنەری بیانی ببەستن، چونکە لە شارەکانی کوردستان راهێنەر و یاریزانی بەتوانا و بەئەزموون هەیە، بەڵام لە کوردستان پاڵپشتییان ناکەن.

*** لە خێزانەکەت بە تەنیا وەرزشکاری؟**

- نەخێر، خۆم و خوشکێکم وەرزشوانین، بەڵام بەهۆی گرنگینەدان بە وەرزش خوشکەکەم وازی هێنا، چونکە لە کوردستان وەرزش تەنیا ناوەکەی ماوە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- زیاتر گرنگی بە بواری وەرزش بدەن، چونکە گرنگیی وەرزش لە هیچ بوارێکی دیکە کەمتر نییە.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

- خەونی وەرزشیم ئەوەیە لە کوردستانیش وەکو وڵاتانی دنیا گرنگی بە وەرزش بدرێت کە وەرزشی ئافرەتان کە لە نزمترین ئاستدایە و هیچ گرنگییەکی پێ نەدراوە.

*** هەستت چی دەبێت گە هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

- ئەوە خەونی من و هەموو یاریزانێکە بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یاری بکات.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق داواکراوی؟**

- بەڵێ، داوا کرام، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێك نەمتوانی بەشداری بکەم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە لیۆنێل میسی ئەرجەنتینی.

*** خەونی وەرزشیت چییە؟**

-ئاواتی من تەنیا ئەوە بوو نازناوێك بەدەستبهێنم لەگەڵ هەر یانەیەك بێت، ئەمساڵیش ئەو هیوایەم هاتەدی.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی بەڕێز کە بەردەوام لە خزمەت چین و توێژەکانی وەرزشە بەبێ جیاوازی لەسەرجەم شارەکانی کوردستان خزمەتێکی یەکجار زۆرتان کردووە، هیوام سەرکەوتنی هەموو لایەکە.




# ژمارەکانی مۆندیال

دوای دەستپێکردنی يارييەکانی جامی جيهانی (٢٠١٨) لە رووسيا فايلی وەرزشی گۆڤاری گوڵان لە پێش دەستپێکردنی يارييەکان تا کۆتايی پاڵەوانێتيەکە، رۆماڵێکی مێژووی پاڵەوانێتيەکە دەکەين لە رووی بڵاوکردنەوەی داتا و ژمارە پێوانييەکانی جامی جيهانی، ئەم هەفتەيە چەند ژمارەيەکی تايبەتی مۆنديالمان باسکردووە.

ئا: رێبين رەمزی



# گەورەترین یاریزانەکانی مۆندیال

لە مۆندیالی ٢٠١٨ی رووسیا ژمارەی پێوانەیی لە رووی گەورەترین یاریزانی بەشداربوو لە مێژووی مۆندیال تۆمارکرا، کاتێک گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی میسر عیسام حەزەری لە تەمەنی (٤٥) ساڵ و (١٦٠) رۆژ لە یاری هەردوو هەڵبژاردەی میسر و سعودیە بەشداریکرد.

لە رووی مێژوو گەورەترین یاریزانە بەشداربووەکان بەمشێوەیە:

١- عیسام حەزەری هەڵبژاردەی میسر (٤٥) ساڵ و (١٦٠) رۆژ.

٢- فەرید مۆندراگۆن گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا لە مۆندیالی (٢٠١٤) لە تەمەنی (٤٣) ساڵ بەشداریکرد.

٣- رۆجیە میلا هەڵبژاردەی کامیرۆن لە مۆندیالی (١٩٩٤) لە تەمەنی (٤٢) ساڵ بەشداریکرد.

٤- دینۆزۆف گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە مۆندیالی (١٩٨٢) لە تەمەنی (٤١) ساڵ بەشداریکرد.

٥- پیتر شیڵتۆن گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لە مۆندیالی (١٩٩٠) لە تەمەنی (٤٠) بەشداریکرد.

٦- عەلی بومەنجل گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی تونس لە مۆندیالی (٢٠٠٦) لە تەمەنی (٤٠) ساڵ بەشداریکرد.

٧- ستانلی ماتیۆس یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لە مۆندیالی (١٩٥٤) لە تەمەنی (٣٩) ساڵ بەشداریکرد.

٨- ئەنتوان بیل گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی کامیرۆن لە مۆندیالی (١٩٩٠) لە تەمەنی (٣٩) ساڵ بەشداریکرد.


٩- لوتر ماتیۆس یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە مۆندیالی (١٩٩٨) لە تەمەنی (١٩٩٨) بەشداریکرد.

١٠- چیلاڤێرت گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی پاراگوای لە مۆندیالی (٢٠٠٢) لە تەمەنی (٣٧) ساڵدا بەشداریکرد.

١١- کافۆ یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل لە مۆندیالی (٢٠٠٦) لە تەمەنی (٣٦) ساڵدا بەشداریکرد.

١٢- ڤالدیراما یاریزانی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا لە مۆندیالی (١٩٩٨) لە تەمەنی (٣٦) ساڵدا بەشداریکرد.

# مووچەی راهێنەری هەڵبژاردەکان بزانە



لە جامی جیهانی (٢٠١٨)کە (٣٢) هەڵبژاردە تێدا بەشدارن و (٣٢) راهێنەر لە خۆ دەگرێت، بەڵام (١٠) راهێنەر خاوەنی زۆرترین مووچەی ساڵانەن لەگەڵ هەڵبژاردەکانیان، ئەمەش لیستی خاوەن زۆرترین مووچەی ساڵانەیە لەنێو راهێنەرانی بەشداربوو لە جامی جیهانی (٢٠١٨).

١- یواکیم لۆف راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا مووچەی ساڵانەی (٣,٨) ملیۆن یۆرۆ.

٢- دیدیە دیشامپ راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا مووچەی ساڵانەی (٣,٤) ملیۆن یۆرۆ.

٣- تیتی راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل مووچەی ساڵانەی (٣,٤) ملیۆن یۆرۆ.

٤- جولین لۆبیتجی راهێنەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا، کە پێش دەستپێکردنی جامی جیهانی بە یەك رۆژ لە کارەکەی دوورخرایەوە، مووچەی ساڵانەی (٢,٩) ملیۆن یۆرۆ.

٥- ستانیسلاف تشرتشیسۆف راهێنەری هەڵبژاردەی رووسیا مووچەی ساڵانەی (٢,٥) ملیۆن یۆرۆ.

٦- فرناندۆ سانتۆس راهێنەری هەڵبژاردەی پورتوگال مووچەی ساڵانەی (٢,٢) ملیۆن یۆرۆ.

٧- کارلۆس کیرۆش راهێنەری هەڵبژاردەی ئێران مووچەی ساڵانەی (١,٩) ملیۆن یۆرۆ.

٨- گاریس ساوسگێت راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرە مووچەی ساڵانەی (١,٩) ملیۆن یۆرۆ.

٩- خۆرخی سامپاولی راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتین مووچەی ساڵانەی (١,٧٥) ملیۆن یۆرۆ.

١٠- ئۆسکار تابارێز راهێنەری هەڵبژاردەی ئۆروگوای مووچەی ساڵانەی (١,٧) ملیۆن یۆرۆ.

١١- هیکتۆر کوپەر راهێنەری هەڵبژاردەی میسر مووچەی ساڵانەی (١,٥) ملیۆن یۆرۆ.



# بچووکترین یاریزانە بەشداربووەکانی مۆندیال

لە مێژووی جامی جیهانی چەندین یاریزان بەشداریان لەم پاڵەوانێتییە گەورەیەدا کردووە، لە تەمەنێکی بچووک و توانییان مێژوو بۆ خۆیان تۆماربکەن، یەکێك لەم یاریزانانە پێلێی ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیلیە، کاتێك لە مۆندیالی (١٩٥٨) لە تەمەنی ١٧ ساڵدا جامی جیهانی بەدەستهێنا. ئەمەش بەشێك لە یاریزانە بەشداربووەکانی مۆندیال لە تەمەنێکی بچووکدا.

١- پێلێ یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل لە مۆندیالی (١٩٥٨) لە تەمەنی (١٧) ساڵدا بەشداریکرد.

٢- ئەناتۆلی بانشیفسکی یاریزانی هەڵبژاردەی یەکێتی سۆڤیتی پێشوو لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا بەشداری لە مۆندیالی (١٩٦٦) کرد.

٣- تۆستاۆ یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا بەشداری لە جامی (١٩٦٦) کرد.

٤- جۆناس هۆفمان یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە مۆندیالی (٢٠١٠) لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا بەشداریکرد.

٥- مایکل ئۆین یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە لە مۆندیالی (١٩٩٨) لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا بەشداریکرد.

٦- دیمتری سیتشیف یاریزانی هەڵبژاردەی رووسیا لە مۆندیالی (١٩٩٨) لە تەمەنی (١٩) ساڵدا بەشداریکرد.

٧- میسی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لە مۆندیالی (٢٠٠٢) لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا بەشداریکرد.

٨- کیلیان مبابی یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا لە مۆندیالی (٢٠١٨) لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا بەشداریکرد.

٩- دانییل ئەرزانی یاریزانی هەڵبژاردەی ئوسترالیا لە مۆندیالی (٢٠١٨) لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا بەشداریکرد.

١٠- ئەشرەف حەکیمی یاریزانی هەڵبژاردەی مەغریب لە مۆندیالی (٢٠١٨) لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا بەشداریکرد.



# باسکەی عێراق لە زاخۆ دەبێت



یەکێتی تۆپی باسکەی عێراقی ڕەزامەندی نیشانداوە لە سەر داوایەکی یانەی وەرزشیی زاخۆ بۆ میوانداریکردنی پاڵەوانیەتی باسکەی لاوانی یانەکانی عێراقی کە بڕیارە یارییەکانی لە ٥ی ئەم مانگە لە شاری زاخۆی دەلال بەڕێوە بچێت، یانەی زاخۆی دەڤەری بادینان تاکە یانەیە گرنگییەکی زۆر بە تیپی باسکەی کوڕانی دەدات بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و گەورە، تیپەکەش چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە لە خولی باسکەی لاوانی یانەکانی عێراقی ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین. ئەم پاڵەوانیەتییە بە بەشداریی شەش یانەی شارەکانی عێراق بەڕێوەدەچێت و تیپی باسکەی زاخۆش وەکو نوێنەری یانەکانی هەرێمی کوردستان بەشدار دەبێت لە کێبڕکێکردن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجام و پلەکانی پێشەوە، ئامانجی یانەی زاخۆ لە پێشوازیکردن لەم پاڵەوانیەتییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا پێشووتر تیپەکە پاڵەوانی کۆمەڵەی کوردستان بووە و ماوەیەکی زۆریشە هیچ خولێك و پاڵەوانیەتییەکی باسکە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن یەکێتی ناوەندی تۆپی باسکەی کوردستان نەکراوەتەوە، بۆیە دەیانەوێ ئەم چالاکییە لە شارێکی وەکو زاخۆ بەڕێوەبچێت کە هەواداری وەرزشی یەکجار زۆرە، زاخۆش دەیەوێت گرنگی بە سەرجەم تیپەکانی یانەکەی بدات و تیپی باسکەش وەکو سەرجەم تیپەکان گرنگییەکی زۆری لای کارگێڕیی یانەی زاخۆ هەیە، چونکە تیپەکە خاوەن پۆلێك یاریزانی بەتوانا و بەئەزموونن و دەتوانن ئەنجامی گەورە بۆ شاری زاخۆ تۆماربکەن.

# شەترەنجی خانزاد خولی فێربوون دەکاتەوە

یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بە ئامانجی زیاتر پێشخستنی یاری شەترەنج لە شاری هەولێرو بەرەوپێشبردنی زیاتری یارییەکە خولی فێربوونی یاریی شەترەنج بۆ گشت ئاست و تەمەنەکان دەکاتەوە، کردنەوەی ئەم خولانە زیاتر بۆ فراوانکردنی بیرو هزری منداڵەکانە، جگە لەوەش خەڵکی تریش دەتوانن لە هەموو چین و توێژەکان بەشداربن، لەبارەی کردنەوەی خولەکەش دیار حەمەسالْح ڕاهێنەر و فێرکاری یاریی شەترەنج لە یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «کردنەوەی ئەم خولانە لە وەرزی هاوینە بۆ هەموو ئاستەکانی تەمەنە، زۆرجاریش ئەوانەی بەشداری دەکەن زۆربەی زۆریان قوتابین.» گوتیشی: «ئامانجمان پێگەیاندنی یاریزانان و فراوانکردنی بیرو هزری ئەوانەیە کە بەشداری دەکەن لەم خولەکە، یانەی خانزادیش وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی ئەم جۆرە خولانە دەکاتەوە بە شێوازی ئەکادیمی و بە سەرپەرشتی مامۆستا و ڕاهێنەرانی نێودەوڵەتی ئەنجامی دەدەین کە خاوەن بڕوانامە و ئەزموونی تایبەتن لەم یارییە و پسپۆڕن لە بواری فێرکردن بە پڕۆگرام و سیستەمی تایبەتی وەرگیراو لە یەکێتی شەترەنجی جیهانی و خولەکە لەسەرەتای ئەم مانگە دەستی پێکرد و تاکو سەرەتای مانگی ئەیلول بەردەوام دەبێت.»



# کچە پاسکیلسوارێکی کورد دەچێتە



سۆزی دڵشاد کچە یاریزانی پاسکیسلواری یانەی نەورۆز و هەڵبژاردەی عێراق خاوەن چەندین مەدالیای جۆراوجۆر لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپا، دوای ئەوەی ساڵی رابردوو بەشداری لە پاڵەوانیەتی دۆلەمیتری لە وڵاتی ئیتالیا کرد و بە ئەنجامی زۆر باشیش گەڕایەوە کوردستان، ئەمجارەش ئەم کچە کوردە دەیەوێت لە رێگای ئەم پاڵەوانیەتییە ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنێ بۆ ئەوەی ببێتە یەکێك لە پاڵەوانانی پاڵەوانیەتییەکە، لە بارەی بەشداریکردنی لە پاڵەوانیەتی دۆلەمیتری لە وڵاتی ئیتالیاش سۆزی دڵشاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجم پێشخستنی تواناکانی خۆمە لە یاری پاسکیلسواری لە سەر ئاستی کوردستان و ئەوروپاش، ساڵی رابردووش بەشداریی پاڵەوانیەتی دۆلەمیتریم کرد لە وڵاتی ئیتالیا و ئەنجامیشم زۆر باش بوو، ئەمساڵیش بەرنامەم هەیە کە جارێکی دیکە بەشداری ئەو پاڵەوانیەتییە جیهانیە بکەم، چونکە یاریزانانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بەشداری تێدا دەکەن و کێبڕکێ و ململانێی بەهێز لە نێوان تیپەکان هەیە، منیش دەمەوێت بەردەوام بم بۆ ئەوەی هەنگاوی باشتر بهاوێم و زیاتر روو لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوە بکەم.»